

# ماکیاژێک بۆ گەشانەوەی چاوەکانت

هێڵکاری چاو، هەنگاوێکی گرنگی ماکیاژی رووخسارە، بۆ ئەوانەی حەز بە شێوازی نەرم، یان هێڵکاری راست و زەق بۆ چاوەکان، دەتوانن لە رێگەی دیاریکرکردنی هێڵکاری چاوەکانەوە ئەو خواستەیان بەدیبهێنن، کاتێك بەشی سەرەوەی برژانگەکانت بە هێڵێکی راست دەکێشیت، بەتایبەت ئەگەر لە یەکێك لە رەنگەکانی رەش و سپی بێت، هەمیشە شێوەی چاوەکانت کراوە و گەش دەبن، بۆ بەدەستهێنانی ئەو شێوازە گەشەی چاو دەتوانی ئەو هەنگاوە پەیڕەو بکەیت:

سەرەتا هەوڵبدە چوارچێوەی برژانگەکانت بە رەنگی سپی بکێشیت، ئەو هەنگاوەش کاریگەری لەسەر کرانەوەی رەنگی چاوەکانت دەبێ، یان رەنگێکی دیاریکراو بە رەنگی سپی بۆ دیوی ژوورەوەی چیوە چاوت رەنگ بکە، پاشان رەنگێکی دیکە کە بە خواستی خۆت بێت، لە برژانگەکانت بدە، تا لەگەڵ رەنگی سپییەکە هاوشێوە بن، هەروەها بە هێڵکاری (ریمێل)، رەنگەکە لەسەر برژانگت پەرت و بڵاو بکەیت، بەمەش دیمەنێکی گەش بە چاوەکانت دەدات.



# جینزی سپی مۆدێکی قەشەنگ و سەرنجڕاکێش لە شێوەدا

# شێوازەکانی پرچ بڕین سەرسامت دەکەن



قژبڕین ئەرکێکی گرینگی خانمانە و دەبێ ماوە ماوە بۆ جوانترکردنی شێوە و ئەندازەی پرچیان، سەردانی ئارایشتگاکان بکەن و یەکێك لە مۆدەکانی پرچ بڕین هەڵبژێرن، بە مەرجێك لەگەڵ شێواز و ئارایشتی قژیان بگونجێت. خەونی هەموو خانمێکە تا پرچێکی جوان و سەرنجڕاکێشی هەبێ، هەر بۆیە پسپۆڕانی بواری قژبڕین، چەند مۆد و شێوازی نوێی پرچ بڕینیان داناوە، تا خانمان بە ئاسانی بتوانن یەکێك لەو شێوازانەی پرچ بڕین هەڵبژێرن کە بریتیتن لە:

- شێوازی پرچی کارێی کلاسیك: لە درێژیدا ناوەندە و زۆربەی بەشی نێوچەوانیش دادەپۆشێت، بۆ ئەوانە گونجاوە کە حەز بە قژی کورت دەکەن.

- شێوازی پرچی کورت: لە بەشی پێشەوەدا کورتە و هەردوو تەنیشتەکانیشی درێژن، بۆ ئەوانەیە کە پرچیان لوول و خاوە.

- شێوازی پرچی (بۆب): هەمان شێوەی کارێی هەیە، بەڵام لە درێژی تا سەر سینگ و بەرۆك دەبێت، نێوچەوانیش دادەپۆشێت، بۆ ئەوانەیە کە پرچیان خاوە.

- شێوازی پرچی درێژ: ئەگەر پرچت درێژە و نیازت وایە بیبڕیت، بە مەرجی کەزی و تەڵەکانی کۆتایی پرچت شێوازی پرچت تێکنەدات، چاکترە شێوازی کلۆش (مدرج) هەڵبژێریت.

- شێوازی پرچی ناوەند: بۆ ئەوانە باشە کە حەز بە تیژی و باریکی کۆتایی و کەزیی پرچیان دەکەن، کە لە ناوەڕاستەوە راست و لە کۆتاییشدا باریکە، بەمەش دەتوانن شێوازی پرچتان لە شێوەی شەپۆڵ بێت.

وەك هەمیشە پسپۆڕانی جوانکاری لە گۆڤاری (ئین ستایلی ئەڵمانی)، ئاماژە بۆ پۆشینی شێوازە جۆراوجۆرەکانی جینز دەکەن، چونکە جینز مۆدێکی شیاوە تا لە هەموو وەرزەکان بپۆشرێت، لەگەڵ هەموو مۆدەکانی دیکەشدا دەگونجیت، بەتایبەت لەگەڵ کراس و بەدی. وەك دەزانین جینز ماددەیەکی گەرمە و ناکرێت لە وەرزی گەرمادا هەمان ئەو جینزانە بپۆشیت کە لە وەرزەکانی دیکەدا لەبەرت دەکرد، بۆ نموونە: پۆشینی جینزی شین لە وەرزی بەهار و هاویندا بێزار و نیگەرانت دەکات، وێڕای ئەوەی ڕەنگی سپی تاکە ڕەنگە لە زۆربەی جلەکانتدا دەبینیت، بەتایبەت لە ڕۆژانی هەتاوی بەتێن و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، پسپۆڕانی جینز ئامۆژگاری بۆ ئەو کەسانە دەکەن کە حەز بە پۆشینی بەرهەمەکانی جینز دەکەن، بەتایبەت پانتۆڵ، هەڵبژاردنێکیان لەبەردەستە، ئەویش بە پۆشینی پانتۆڵی جینزی سپی، چونکە ئەو جلە ناوازەیە لەسەر جەستە دەوەستێ و بە ڕەنگە سپییەکەشی لەش و لارت جوانتر دەکەن. پانتۆڵی جینزی سپی بۆ شوێنی کار و چوونە دەرەوە و زانکۆ و گەشتیش لەبەر دەکرێت.

## نمایشی وێنە و تابلۆ لەسەر شەقام

وێنە و تابلۆکان هەمیشە لە گەلەری و نمایشگاکان نمایش دەکرێن، تا هەوادار و خولیایانی وێنە و وێنەکێشان سەردانی ئەو هۆڵانە بکەن و لە نیگای وێنەکان بڕوانن و لە ماناکانیان تێبگەن، بەڵام بەپێی بیرۆکەی (جۆی ماکس)، دەتوانرێت نمایشەکان لە شوێنی دیکەش جگە لە نمایشگا و گەلەرییەکان بکرێنەوە، بیرۆکەکەی ئەوەیە کە نمایشێك لەسەر شەقام و بۆ هەموو خەڵکی بکاتەوە، تا زۆرترین کەس لە دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی وێنەکانیشدا بێبەش نەبن، وێڕای ئەوەی کاری وێنەکانیان دەربارەی گیانداران و سەردەمی ئێستای جیهان و وێنەی کەسایەتییە ناودارەکانی جیهانیشی تێدایە، هەروەها شێوازی وێنەکان بە (سێ ڕەهەندی – 3D)یە، نمایشە گشتییەکەی ئەو وێنەکێشە، لە شەقامێکی گشتی لە وڵاتی پاراگوای کردۆتەوە، ئەوانەی بەلای وێنەکانیدا تێدەپەڕن، یان چاویان پێی دەکەوێت، سەرسام دەبن وێنەی یادگاری لەگەڵ تابلۆکانیدا دەگرن.





## باخچەی چێشتخانە

باغ و باخچە، شوێنێکە بۆ ئارامی و هەستکردن بە کەشێکی سرووشتی و تێربوون لە بۆن و بەرامی گوڵ و گوڵزار. لەوە خۆشتر نییە لەناو باخچە و باخێك دابنیشی و بۆنی گوڵەباخ و ڕەیحان هەست و دەروونت پڕ بۆنی سرووشت بکەن، ئەی ئەگەر ئەو باخچە و باخە بە جوانترین شێوە دروست کرابن، ئیدی جگە لەوەی شوێنێکی خۆش دەبێ، هەروەها دیمەنێکی سەرنجڕاکێشیش دەبێ، وەك ئەو باخچەیەی لە وڵاتی هۆڵەندایە، سرووشتی ئەو وڵاتە بە گوڵ و گوڵزار دەوڵەمەندە، ئەوانیش توانیویانە سوود لەو گوڵ و گوڵزارانە وەربگرن، تا جوانترین باخچەی لێ دروست بکەن. ئەو باخچەیە ناوی (کیوکینهۆف)ە و دەکەوێتە دەوروبەری شاری ئەمستردام، کە نزیکەی (٧) ملیۆن جۆرە گوڵ و (٢٥٠٠) جۆرە دار و باری تێدایە، گوڵی زۆربەی وڵاتانی جیهانیان هێناوە تا لەو باخچەیەدا بڕوێت، ڕووبەری ئەو باخچەیە دەگاتە (٣٢٠) هەزار مەتر چوارگۆشە، شوێنی (٦٠) ملیۆن کەس دەبێتەوە، ناوەکەشی لە زمانی هۆڵەندی واتە: باخچەی چێشتخانە!

# وەرزی دروێنەیە و خەرمان بەرەکەت



مانگی جۆزەردانە، ئیدی ڕەنگی گەنم و جۆ زەرد دەبن و بانگی جووتیاران دەکەن کە بە هانایانەوە بێن و دروێنەیان بۆ بکەن. جاران دروێنە بە داس و قیناغ دەکرا. قیناغ لە پەنجە دەخرا تا بەر نووك و تیژیی داس و داسۆڵەکە نەکەوێت، دوای ئەوەی بەرووبوومی گەنم (کە پێی دەگوترا گەلاوێژ و جۆش کە پێی دەگوترا جیشە) کۆ دەکرایەوە، گەلاوێژ و جیشەیان بە شەغرەی بار دەکرد و پاشان دەبردرایە سەر جۆخینان، پاشان لەسەر یەك کۆدەکرایەوە و دواتر بە جەنجەڕ دەکوترا. پاش ئەوەی دەکوترا ئینجا شەنبا دەکرا، تا بەربوومەکە ژێر بکەویت و سەرەوەشی بە گێسك هەڵدەگیرا. ئەوەی دەمایەوە دەبووە (کا) و ئەو کایەش بە ئاژەڵ دەدرا. کوزریش هەیە کە دەنکە گوڵە و هەندێك دانەوێڵەی تێدایە، ئەویش کۆدەکرایەوە و بە ئێستر بەسەری دەکەوتن تا گوڵەگەنمەکەی لێی جیا بکەنەوە. جاران سەپان هەبوو، کاری سەپانان دروێنەی تەبارە و دەغڵ و دان بوو، لەگەڵ ئاواز و بەستە و گۆرانی کوردی، ئیدی پشتی وەبەر دەغڵ و دان دادەدا و تا ماندوو دەبوو سەری بەرز نەدەکردەوە لە کارکردن، هەر عەربە دانەوێڵە (٨) قەزناغە و (٣٢) رووبەیە، ئێستا بە تەن مامەڵە لەگەڵ دانەوێڵە دەکرێت، تەنێك گەنم دەکاتە نزیکەی (٣ تا ٤) عەربە و جۆش (٤) عەربە بەسەرەوەیە. دروێنەی ئێستا بە دەڕاسەیە و کاری جووتیارانی ئاسان کردووە، خۆی هەموو هەنگاوەکانی دروێنە دەکات، دوای دروێنە کردن بەروبوومەکەیان دەبەنە سەر جۆخینان، یان بە سایلۆکان دەدرێت، ئەوەی لە کێڵگە دەمێنێتەوە دەبێتە پەرێز و دواتر مەڕ و ماڵاتی تێوەردەکەن تا ئەوەی ماوەتەوە، نۆشی بکەن، قەسەریش هەیە کە لە دوای دەڕاسە دەمێنێتەوە، ئەو کۆمەڵە قەسەرە لە مەکینە دەدرێت و دەکرێتە کا، ئینجا یان بە ئاژەڵان دەدرێت، یان هەڵدەگیریت تا وەرزی زستان و ئەوکاتە بە مەڕ و ماڵات دەدرێت.



## درێژیی قژی دوو مەترە!


لە ساڵی ٢٠٠٣وە خەون بەوە دەبینێت کە نازناوی (ریپۆنزڵ)ی پێبدرێت، ئەو وشەیەش واتا خاوەن درێژترین قژ، ئەوەیە چیرۆکی ئەو کچە رووسییەیە کە ساڵانێکە لە خزمەتکردنی پرچی بەردەوامە و بە بێ ئەوەی کەرەستە و ماددەی بەهێزکردنی قژ بەکاربهێنێت، لە بەر ئەوەی دەیەوێ درێژیی پرچی سرووشتی بێت، نەوەك وەك ئەوانەی دەرمان بەکاردەهێنن، تا پرچیان درێژ بێت. ئەو کچە ناوی (داشا گۆبانۆڤا)یە و درێژی باڵای (١٧٥) سەنتیمەترە، کەچی ئێستا پرچی لە خۆی درێژترە، خوازیاریشە کە قژی دوو ئەوەندەی خۆی درێژتر بێت، وەك خۆی دەڵێ: «کاتێك داپیرەم ئەو بیرۆکەیەی بە مێشکمدا هێنا، هەمیشە دەیگوت ماوە ماوە شیر لە پرچت بدە، تۆ دەبیت بە خاوەن درێژترین پرچ، درێژی ئێستای پرچم (١٩٠) سەنتیمەترە و بە نیازیشم پرچم نەبڕم تا دەگاتە دوو مەتر و نیو.» ئەگەر ئەو کارە بکات دەبێتە ژمارەیەکی پێوانەیی لە جیهان و ئەو کاتەش نازناوی درێژترین پرچی بەردەکەوێت و دڵی دادەکەوێت.



## پەند و وتە

- مایکل ئەنجیلۆی، ئەگەرچی کەسێکی زیرەك و دانا بووە، کاتێك لە تەمەنی (٨٧)ساڵیدا بووە، وتەیەکی بۆ زانست و فێربوون هەبووە کە دەڵێ:

تا ئێستا بەردەوامم لە فێربوون و بە دوای زانست و زانیاری زیاتر وێڵم و بۆ هەمیشەش بەردەوام دەبم لە فێربوونی زانستی تازە و وازیش ناهێنم.



## بۆ زانیاریت

دۆخی مادده

زۆربەمان وادەزانین کە مادده تەنیا سێ دۆخی هەیە، ئەویش ڕەقی و شلی و گازییە، بەڵام جگە لەو دۆخانە چوار دۆخی دیکەی مادده هەن ئەوانیش بریتین لە:

دۆخی پلازما: دۆخێکە کە تەنۆکەی بارگاوی بەرزی تێدایە، جوڵە وزەیەکی گەورە دروست دەکات.

دۆخی چڕبوونەوەی بۆزئاینشتاین: مادده لەم دۆخەدا، کاتێك پلەی گەرمییەکەی دادەبەزێت تاوەکو نزیك دەبێتەوە لە سفر واتا (٠کلڤن)، جووڵەی گەردەکان دەوەستێت لەو پلە گەرمییە نزمەدا، یەکتریش دەگرن.

دۆخی کوارگ گلونی: ئەویش دۆخێکە و مادده ئەوپەڕی وزەی دەبێت، هەروەك ئەو ماددەیەی ماوەتەوە لە گەردوون لەدوای تەقینەوە گەورەکە.

دۆخی هەڵوەشاوە: ئەویش دۆخێکە و مادده تەواو پەستانێکی زۆر بەرزی هەیە، ئەمەش لە جۆری ئەستێرە زەبەلاحەکاندا ڕوودەدات، ئەو گازانەی لە گەردەکانی ئەو ئەستێرانەدا هەیە بە توندی پەستێندراوە، نەوەك بەهۆی گەرمییەوە، بەڵکو بەهۆی چڕییەوە.

## تابلـــۆ

- هاوسەرگیری زۆرەملێی منداڵ

شاکارێکی پڕمانای گەورە وێنەکێشی ڕووسی (فاسیلی بیۆکێریڤ)ە کە لە ساڵی (١٨٣٢) لە شاری تولا ئۆبلاست لە دایك بووە و بە یەکێك لەو وێنەکێشانە دادەنرێت کە قوتابخانەی راستەقینەی لە بواری وێنەکێشاندا بنیادناوە. لە بەرهەمەکانیدا رخنەی لە لایەنە نێگەتیڤەکانی ژیان گرتووە. ئەو وێنەیەی لە ساڵی (١٨٦٢) کێشاوە، باس لە هاوسەرگیری زۆرەملێ و تەمەنی کەم دەکات، واتە ئەو کچانەی کە لە تەمەنێکی بچووك بە شوو دەدرێن، ئەو وێنەیەشی گوزارشت لە بوونی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییەی ئەو کاتەی وڵاتانی ئەوروپا دەکات، فاسیلی لە ساڵی ( ١٨٩٠) کۆچی دوایی کردووە.



## کاریکاتێر


- لەم کاریکاتێرەدا، باس لە قوربانیدانی سەربازەکان دەکات، نازناو و ناوبانگیش تەنیا بۆ سەرکردەکانە!





### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بیر لە رابردوو مەکەوە و تیشك بخە سەر داهاتووت، ئەوانەی ماوەیەك ئازاریان داوی، دواتر پەشیمان دەبنەوە، تۆش لە دڵتی هەڵمەگرە و لێیان خۆش بە، بەڵام وەك وانەیەك لە داهاتوودا بەکاریان بهێنە. رێگەی داهاتووت بەرەو باشی دەچێت و ئەوەندە خەم لە رابردووت مەخۆ.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

بڕوات بە خۆت هەبێ و هەمیشە سەرزنشتی خۆت مەکە. کارێکت کرد لێی پەشیمان مەبەوە، چونکە ئەوە بووە رابردوو، رەفتارێکی شیاوت بەو کەسە نیشان دا کە ماوەیەکە بێزارت دەکات. خەمت نەبت خۆی پەشیمان دەبێتەوە. هەوڵبدە هەمیشە لە کارەکانت کارامە و لێهاتوو بیت.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

وریای دەوروبەرت بە، چونکە کەسێك دەیەوێ ئازاری دەروونت بدات. مەهێڵە کەسانی نزیکت بە نهێنییەکانت بزانن، چونکە لە داهاتوودا لە دژی خۆت و لە بەرامبەرت بەکاری دەهێننەوە. هەوڵبدە بڕوات بە خۆت بێت. کەسێکی ژیر و دانای، بەڵام دژایەتیت دەکەن.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بە دوای چەند بیرۆکەیەك کەوتووی کە رەنگە لە داهاتوودا زیانی بۆت هەبێت، جەخت لە سەر ژیانی تایبەتی خۆت بکە و هەمیشە لە دوای ئەو هەنگاوانەوە بە کە ئەنجامەکانیان روونە. لەگەڵ کەسێك ماوەیەکە ناکۆکیتان هەیە و ئەو دەیەوێ بۆت بسەلمێنێت کە تۆ هەڵەی، تۆش رێگەی مەدە چونکە خۆت لەسەر حەقی.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بڕیاری بە پەلە هیچ ئەنجامێکی نابێت و هەوڵبدە پێشبینی ئەنجامی داهاتووی هەنگاوەکانت بکەیت، تا لە دواتر نەبێتە حاڵەتێکی لەناکاو بۆت. بیرکردنەوەت لە کێشەکان شتێکی باشە، بەڵام لە جێبەجێکردنیدا کێشەت هەیە. هەوڵبدە ئارام بیت و کەسایەتیت مەشێوێنە.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەر ئەو ماوەیە نییە کێشە و گرفتت هەن، بەڵام سەرقاڵیت پێوە دیارە و بیرکردنەوەت شێواندووە. کۆنترۆڵی خۆت بکە و ژیانت بە سرووشتی وەربگرە، کەسێکی زیرەکی و بە هەنگاوی جددی دەچیتە پێشەوە، بەڵام کەسانی دەوروبەرت کێشەت بۆت دروست دەکەن و لێت دەشێوێنن.



## خەوننامە

چەك:

لە راستیدا چەك بۆ كوشتن و كاری خراپە و هەندێ جاریش بۆ بەرگری بەكاردەهێندرێت. زۆربەمان لە خەودا دەبینین چەكمان بە دەستەوەیە، هەندێ جاریش بەكاری دەهێنین، با بزانین چەك لە خەودا چ مانایەك دەدات. لە خەوننامەدا هاتووە، كە بوونی چەك لە خەودا دوو مانای هەیە، یەكەم كارێكی ترسناك، یان شەڕانگێزی لەسەر خۆت و كەسانی دەوروبەرتە و كێشەكت هەیە كە هەمیشە بێزارت دەكات و پێویستت بە پاڵپشتییە، چەكیش لە خەودا



بە مانای پاڵپشتی دێت، مانای دووەمیشی هەستكردنە بە ترس و تووڕەبوونی بەردەوامە. ئەگەر خەوت بە چەك بینی، مانای ئەوەیە دەروونت ترس و دڵەڕاوكێ و تووڕەبوونت پێوە دیارە و لە بارێكی ناسەقامگیر دەژیت.

# جیهان لە چاوی باڵندەكان

مرۆڤ لە دێرزەمانەوە ویستوویەتی وەك باڵندە بفڕێت، لە یەكەمین هەوڵدا بۆ فڕین، زانای عەرەبی (عەباسی كوری فرناس)، ئەو هەنگاوەی بەجێگەیاند، دوای چەندینساڵ و دەركەوتنی فڕۆكە، هێشتا مرۆڤ بیر لە باڵندەكان دەكاتەوە، ئاخۆ ئەوان چۆن ئێمە و زەوی دەبینین، ئەگەرچی مرۆڤ دەتوانی بە فڕۆكە لە ئاسمانەوە سەیری زەوی و خوارەوە بكات، بەڵام ناگات بە فڕینی سرووشتی باڵندەكان، یان ئەو دیمەنەی نێو چاوی باڵندەكان و ئەوەی كە دیدیان بۆ زەوی چۆنە، هەر بۆیە تیمێكی وڵاتی رووسیا و بە سەرپەرشتی وێنەگرێكی ئافرەت بە ناوی (دیما مۆسینكۆ)، چەندین كامێرایان لە ملی چەند باڵندەیەك كرد كە ئەو جۆرە باڵندانەی هەمیشە گەشت دەكەن لە نێوان زۆربەی وڵاتانی جیهان، وێنەكانیش لە زۆربەی وڵاتانی جیهان و بۆ ماوەی ساڵێك كۆكراوەتەوە و چەندین دیمەنی سەرنجڕاكێش و سەیری لێ دەركەوتووە.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ڕێز لە قسە و بۆچوونی ئەوانە بگرە كە بەرژەوەندی تۆیان دەوێت، ئەوانەش كە دژایەتیت دەكەن، فەرامۆشیان بكە، چونكە زیانت پێدەگەینن. ئەو كاتە رووبەڕوویان ببەوە، كە توانای خۆسەلماندنت هەبێت. بڕوات بە هەنگاوەكانت هەبێ وئەنجامێكی باش لە كارەكانت دەبینیت.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئاگاداری رەفتارەكانت بە و هەوڵبدە كەسانی نزیكت لە خۆت زویر نەكەیت. لەگەڵ هەوڵەكانت هەنگاو دروست بنێ و ئارام بگرە، هەموو ئەنجامەكان لە یەك كاتدا بۆت نابن. كەسێك چاودێریت دەكات. لەو ماوەیەش تووشی گرفتێك بوویتەوە، هەوڵبدە لە رەفتارت كارامەتر بیت.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەگەر كەسێك هەنگاوێك بۆت هاتەپێش، تۆش زیاتر لێی نزیك بەرەوە، نەوەك هەوڵبدەی لە خۆتی دوور بكەیتەوە. كەسایەتیت جێگیرە و كاری جددی بكە تا بە ئەنجام دەگەیت. شێوازی بیركردنەوەت لەگەڵ كەسانی دەوروبەرت جیاوازە و پێشبینی چەند گرفتێك لە داهاتوودا بكە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

گەشبینیت پێوە دیارە، ئەگەرچی جارجارە كێشەت بۆ دروست دەبێت، بەڵام نابێت بێ هیوا بیت و داهاتووت لە دەست بدەیت. ئێستا كاتێكی گونجاوە تا هەنگاوەكانت جێبەجێ بكەیت و لێرەوە دەستی پێبكە، بڕوات بە خۆت و كەسانی نزیكت هەبێت و دڵنیابە بەرەو كاتێكی باشتر ڕێگە دەگریت.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەستت و دەروونت ماندووە و ئەوەش بەهۆی ئەوگرفتانەیە كە ماوەیەكە بێزارت دەكەن. بیركردنەوە لەگەڵ هەنگاوەكانت گونجاو نین، بەڵام خەونەكانت لە ماوەیەكی نزیكدا دێنەدی. دەبێ لەگەڵ دەوروبەرت بە پاكی و دروستی رەفتار بكەیت و زیاتر متمانەت بە خۆت هەبێت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ماوەیەك دوای ئامانجەكانت كەوتی، بەڵام كەسانێك دژایەتی تۆیان كرد، پێویستە بەهێزتر كاردانەوەت هەبێت، بڕیارێكی ژیرانەت بۆ ژیانی داهاتووت داوە، بیرۆكەی شیاویشت بۆ داهاتووت هەیە، بەڵام زۆرجار بەو ئەنجامانە ناگەیت، بەوەش بێزار مەبە و هەوڵی زیاتر بدە.